الأمم المتحدة - العراق | United Nations Iraq

UNAMI

پەڕەی ڕاستی

#بۆ_عێراق_دەنگ_دەدەین

https://www.iraq.un.org

**هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ، تشرینی یەکەمی ٢٠٢١**
**پەڕەی ڕاستییەکان #٩**
**بەشداریکردنی ئاوارە نێوخۆییەکان**

**ئاوارەی نێوخۆیی کێیە؟**

یاسا ئاوارەی نێوخۆیی وا دەناسێنێ کە کەسێکە لە دوای ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ وە بە زۆرە ملێ لە شوێنی خۆی ڕاگوێزراوە بۆ شوێنێکی تر لە ناوەوەی عێراق و ناویشی لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران تۆمار کراوە.

**ئایا ئاوارە نێوخۆییەکان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەم دەنگ بدەن ؟**

ئەو ئاوارە نێوخۆییەی کە هاوڵاتیەکی عێراقییەو ناویشی بۆ یەکەمجار لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمار کراوە ، یانیش تۆماری دەنگدەریەکەی لە ماوەی نێوان ٢ی کانونی دووەم و ١٥ی نیسانی ٢٠٢١ نوێ کردۆتەوە و کارتی دەنگدانی بایۆمەتریشی هەیە دەتوانێت دەنگ بدات .

**چەند کەس لە ئاوارە نێوخۆییەکان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمسالی ئەنجومەنی نوێنەران دەنگ بدەن؟**

بە کۆتاهاتنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران ، ١٢٠١٢٦ ئاوارەی نێوخۆیی لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمار کراوە و کارتی بایۆمەتری دەنگدەرانیان بۆ دەرکراوە.

**کەی ئاوارە نێوخۆییەکان دەتوانن دەنگ بدەن ؟**

ئاوارە نێوخۆییەکان لە ٨ی تشرینی یەکەم دەنگ دەدەن ، واتا ٤٨ کاتژمێر پێش ڕۆژی دەنگدانی گشتی . ئاوارە نێوخۆییەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان دەنگ بەو بەربژێرانە دەدەن کە لە بازنەکانی هەلبژاردنی لێ ئاوارە بوو کێبرکێیانە.

**چۆن ئاوارە نێوخۆییەکان لە بنکەکانی دەنگدان خۆیان دەناسێنن ؟**

بۆ ئەوەی کەسێک وەکو ئاوارەی نێوخۆیی بناسرێت پێویستە ناسنامەیەک پێشکەش بکات کە لەوەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و وەزارەتی بازرگانی دەرچووە و ئەم کەسە وەکو ئاوارەی نێوخۆیی پێناسە دەکات. ئەم دوو وەزارەتە لیستی کەسەکان دەنێرنە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. سەرەرای ئەمەش تەنها ئەو ئاوارە نێوخۆییانەی کارتی دەنگدانی بایۆمەتریان هەیە دەتوانن لە بنکەکانی دەنگدان دەنگ بدەن.

تۆمارکردنی ئاوارە نێوخۆییەکان بنکە و وێستگەکانی دەنگدان

| ژمارەی وێستگەی دەنگدانی ئاوارە نێوخۆییەکان | ژمارەی بنکەی دەنگدانی ئاوارە نێوخۆییەکان | ژمارەی دەنگدەرانی ئاوارەی نێوخۆیی | ناوی پارێزگا | کۆدی ئەلیکترۆنی پارێزگا |
|---|---|---|---|---|
| ١٦٣ | ٣١ | ٦٩٤٣٩ | دهۆک | ٤ |
| ٦٢ | ٢٠ | ٢٥١٩٩ | هەولێر | ٥ |
| ٢٦ | ٩ | ١١١١٥ | سلێمانی | ٦ |
| ١٥ | ٤ | ٦٤٥١ | کەرکوک | ١٤ |
| ٩ | ٢ | ٣٨٠٧ | ئەنبار | ٢٢ |
| ٣ | ٣ | ١٤٠٣ | نەجەف | ٢٨ |
| ٢ | ١ | ٧١٤ | نەینەوا | ١٢ |
| ١ | ١ | ٤٤٣ | کەربەلا | ٢٥ |
| ١ | ١ | ٣٩٣ | بەغدا- کەرخ | ٢٣ |
| ٢ | ٢ | ٢١٦ | قادسیە | ٣١ |
| ٢ | ٢ | ٢٠٠ | دیالە | ٢١ |
| ١ | ١ | ١٩٨ | واسیت | ٢٦ |
| ٣ | ٣ | ١٩٦ | بەسرا | ٣٥ |
| ١ | ١ | ١٩٣ | بابل | ٢٤ |
| ٢ | ٢ | ١٠٤ | ذیقار | ٣٣ |
| ٢ | ٢ | ٤٠ | میسان | ٣٤ |
| ١ | ١ | ١٥ | موسەنا | ٣٢ |
| ٠ | ٠ | ٠ | بەغدا- ڕەسافە | ١ |
| ٠ | ٠ | ٠ | سەلاحەدین | ٢٧ |
| ٢٩٦ | ٨٦ | ١٢٠١٢٦ | کۆی گشتی | |

**بنکەکانی دەنگدانی تایبەت بە ئاوارە نێوخۆییەکان لە چ شوێنێکن؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ٨٦ بنکەی دەنگدانی بۆ ئاوارە نێوخۆییەکان دەستنیشان کردووە کە ٣٠٩ وێستگەی دەنگدان لەخۆ دەگرن. کەمپی ئاوارە نێوخۆییەکان دەکەونە دەرەوەی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و لە هەریەک لە نەینەوا و ئەنباریش کەمپێک هەیە. جگە لە دهۆک کە لە کۆی ٣١ بنکەی دەنگدان ٢٢ بنکە شوێنیان لەناو کەمپەکانە ، هەموو بنکەکانی تری دەنگدانی ئاوارە نێوخۆییەکان لە دەرەوەی کەمپەکانن. لە بەغدا-ڕەسافە و سەلاحەدینیش هیچ ئاوارەیەکی نێوخۆیی تۆمار نەکراوە بۆ دەنگدان.

**ئایا ئاوارە نێوخۆییەکان زانیاری پێویستیان هەیە دەربارەی ڕێوشوێنەکانی دەنگدان ؟**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هاوبەشیکارانی بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە چەندین بابەتی میدیاییان بەرهەم هێناوە و بڵاویشیان کردۆتەوە وەک برۆشور و نامیلکە و کورتە ڤیدیۆ ، وێڕای چەندین چالاکی گشتی هۆشیارکردنەوە لە نێو کەمپەکانی ئاوارە نێوخۆییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هشیاری و زانیاری دان بە دەنگدەرە ئاوارە نێوخۆییەکان دەربارەی قۆناغە جیاوازەکانی پرۆسەی دەنگدان . هەروەها زانیاری سوودبەخشیش بۆ ئاوارەکان لە ڕێگای سەکۆکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفزیۆنی نیشتمانی عێراق بڵاو کراوەتەوە . هەوڵەکانی هۆشیارکردنەوەی جەماوەریی بۆ دەنگدەرە عێراقییەکان بەردەوام دەبێت تا کاتی هەڵبژاردنەکان.